Lay-Counselor consent form, Group 1, (TFT)-Kurdish

فۆرمی ڕەزامەندی ڕاوێژکاری ئاسایی*، گروپی یەکەم(چ.م.ب)، -کوردی

ڕاوێژکاری ئاسایی بەڕێز،

بە واژۆکردنی ئەم فۆرمە، تۆ ڕەزامەندیت لەسەر بەشداریکردن لە پرۆژەی ڕاوێژکاری ئاسایی ئاوارەکانی ناوخۆی عێراق. تۆ شایەدی ئەوە دەدەیت کە ڕاهێنراویت بۆ پێشکەشکردنی دەستێوەردانێک کە بە چارەسەری مەیدانی بیرکردنەوە (TFT) ناسراوە.

ئەم توێژینەوەیە بە مەبەستی کۆکردنەوەی زانیارییە سەبارەت بە کەمکردنەوەی نیشانەکانی فشاری زەبر لە ژنانی نیشتەجێی کەمپەکانی ئاوارەکان. ئەو ژنانەی لەم کەمپەدا دەژین داخوازانە بەشدارن و فۆرمی ڕەزامەندییان واژۆ کردووە بۆ وەرگرتنی ئەو دەستێوەردانانەی کە تۆ پێشکەشی دەکەیت.

لە گروپەکەتدا لەسەر بنەمای یەک بە یەک لەگەڵ بەشداربووان کۆدەبیتەوە. تۆ داوای لێدەکەیت بیر لە شتێک بکەنەوە کە ڕەنگە کێشەیان بۆ دروست بکات؛ شتێک کە حەز دەکەن کاتێک بیری لێدەکەن، کەمتر هەست بە خەمۆکی، دڵەڕاوکێ، توڕەیی، یان ناڕەحەتی بکەن. پێویست ناکات باسی هەست یان یادەوەرییە کێشەدارەکان بکەن، بەڵام ئەگەر بیانەوێت دەتوانن باس لەوە بکەن کە چی کێشەیان بۆ دروست دەکات. داوا لەو بەشداربووە دەکەیت کە لەکاتی بیرکردنەوە لە کێشەکەیاندا، پەنجە بخاتە سەر خاڵە تایبەتەکان (خاڵەکانی ورد لەسەر دەموچاو، دەست وهتد).

دەتوانیت لە ڕۆژانی چارەسەرکردندا چەند کات لەگەڵ چارەسەرخوازەکەت بەسەر بەریت کە دەیەوێت و پێویستی پێیەتی. فۆرمێکت پێدەدرێت بۆ ئەوەی ئەم زانیارییانەی تێدا بنووسی: ژمارەی بەشداربوو، ماوەی چارەسەر، کێشەیەک کە کارت لەسەر کردووە (دڵەڕاوکێ، خەمۆکی، توڕەیی و هتد) و یەکە ی پەرێشانی بەشداربوو(SUD) پێش و دوای دەستێوەردانی TFT. نیشانەکانی زەبر و تەندروستی گشتی بەشداربووان سێ جار لەلایەن خوێندکارانی دەرچووی زانکۆی گەرمیانەوە هەڵدەسەنگێندرێت، پێش چارەسەری TFT، هەفتەیەک دوای چارەسەری TFT، مانگێک دوای چارەسەرەکانیان.

بەشداربووان دەتوانن لە هەر کاتێکدا لە بەشداریکردن لەم توێژینەوەیەدا بکشێنەوە بەبێ ئەوەی پێویست بکات هۆکارێک بخەنەڕوو. بۆ کشانەوە لە توێژینەوەکە، بەشداربوو تەنها پێویستە پەیوەندی بە دکتۆر پێگا سێیدی بەو ژمارە تەلەفۆنە ٠٧٧٠٩٧٣٩٠٩٧. پێشبینی ناکەین هیچ کاریگەرییەکی نەرێنی لە ئەنجامی بەشداریکردن لەم توێژینەوەیەدا ڕووبدات. بەڵام ئەگەر هەر کاردانەوەیەکی نەرێنی لە ئەنجامی بەشداریکردن لە توێژینەوەکەدا هەبێت، فۆرمێکت پێدەدرێت کە هەر ئەزموونێکی نەرێنی تۆماری بکەیت کە بەشداربوویەک دەتوانێت ڕاپۆرت بکات، و تۆ ئەمە ڕاپۆرت دەکەیت بۆ دکتۆرسێیدی.

مەترسییەکان بۆ ئەو ژنانەی کە بەشداری لەم توێژینەوەیەدا دەکەن بریتین لە، بیرهێنانەوەی ئەزموونەکانی ئێستا یان

.ڕابردوو کە ڕەنگە هەست بە دڵتەنگی یان ناخۆشییان لێبکات لە کاتی هەڵسەنگاندنەکان یان دەستێوەردانەکاندا

سوودەکانی بۆ ئەو ژنانەی کە بەشداری ئەم توێژینەوەیە دەکەن ئەوەیە کە لەوانەیە تووشی کەمبوونەوەی نیشانەکانی

.زەبر و سوودە تەندروستییە گشتیەکان بن

____________ناوی ڕاوێژکاری ئاسایی __________________________ بەرواری ڕاوێژکاری

واژو ____________________________________________________________

*کەسێک کە پسپۆڕی ئەو چارەسەرە نییە.